www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 12:37 15-11-2005

# هێلکه لەپێشه یان مریشک ... شوان بیبانی

من زۆر شارەزاییم بە ناو حیزبەکانی خۆمان نییە هەر ئەوندە نەبێت کە لە زمانی خەلکیەوە بیستومە فلانە مسۆول سەنگەری خەباتی گواستەوە لەمبەر بۆ ئەو بەر ئەم بابەتەش ئەوەندە ووترایەوە ئیستا ئەگەر شتی واش رووبدات سەرنجی کەس راناکێشێت گرنگ ئەوەیە فلانە لایەن مسۆلێکی لە لا زیاد بوو کە چی بە دەیان وسەدان کادیری خۆیان سرەیان گرتووە ببن بە مسۆل بەلام ئەوەی لەوبەر دێت تام و چێژێکی تایبەتی هەیە و وەکو بردنەوەی داشێکی دامەیە لە یاریچییەکەی بەرانبەریان..ئێمە هەقی ئەوانەمان نییە پیرۆزی هەموولایەك بێت و قابیلیانە مادامەکی ئەوانە رابردوویان پاکەو خزمەتی بیگانەیان نەکردووە دژی میللەتی خۆیان زەرەریان نەبووە.جا لەمبەر بن یا لەوبەر ئیشکالیك نییە بەلام ئیشکال لەوەیە ئەوانەی کە رابردووی گەندلیان لە گەل دوژمن هەبووە و ئیستا لە سەرووی هەرەمەکە ووردە ووردە نزیك دەبنەوە لە ( (مکاسبی قەومی وەتەنی ارباح دەکەن) ) کە چی پایەی ئەوانە لە ناو حیزبەکانیاندا زۆر لە کادیرە رابردوو پاکەکان لە پێشترە هەموو ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە ئەو کادیرە نەروات بەلایەکەی تردا باجاری بۆ ئەم قوناغەمان ئەو کەسانە بۆ خۆمان کەسب بکەین پاشان کە خۆمان جیگیر کرد مەکسبی میللەتەکەمان بۆ خۆمان جیگیر دەکەین.

لە سەرەتای نەوەدەکاندا لە ناو قەیسەری شاری هەولێر پیاسەم لەگەل خزمێکمدا دەکرد کابرایەکی بە تەمەنی پیرم بینی دوو کیسە توو چای بە دەستەوە بوو دەیفرۆشت خزمەکەم تازە لە ئیران هاتبووەوە ووتی ئەو پیاوە دەبینی ووتم بەلی ووتی ئەوە یەکێکە لە هاورێکانی بارزانی نەمر و یەکیکە لە 500 کەسەکەی کە لە رووباری ئاراس پەڕینەوە وا ئیستا بەم شیوە دەیبینی بۆیە وویستم لە راستیدا کرنووش بەرم بۆ ئەو زاتە مەزنە کە نە ئەوجاو نە ئیستاش نەمزانی ناوی چییە و کییە؟ بەلام دیاربوو مرۆڤیکی مەزنە مەزن بوو بە کردەوەکەی نەك بە کورسی و حەرم و حەشەمەکەی.ئەوسا حکومەتەکەمان ساوا بوو لەوانەیە لەبەر ململانیو لاق کیشانەوەی یەکتر مرۆڤی لەمەر ئەوەی باسمان کرد جیگای نەبووبێتەوە.یەکی ئەوها گرنگ نییە چونکە ئەوە مالی حیزبە مسۆگەرە بەس گرنگ ئەوەیە خەلکی تر کەسب بکەین پاشان دەتوانین دەستکەوت بۆ نەتەوەکەمان دابین بکەین.

لەم ماوەی پیشوودا خزمیکم لە دەرەوە هاتەوە کە دکتورای لە زمان لە ئەمریکا هێناوەتەوە وویستی بگەرێتەوە بۆ کۆلیجەکەی لە زانکۆی سەلاحەدین بە هەزار واسیتەو ئەملاو ئەولا بە (اعاده التعیین) بە موچەی 264 هەزار دینار مانگانە دایانمەزراندەوە کە چی زیاتر لە 30 سال خزمەتی هەیە چەند هەولیدا تعدیل راتبی بۆ بکەن کە لە هەمان کۆلیجی خۆی دەوام دەکات نەیانکرد وەك خۆی دەلیت نەچوو تەنازول بۆ ئەو کۆنە بەعسیانە بکات کە لە زەمانی بعسیشدا هەر خویان سەرۆکی بەش بوون ئەمەش گرنگ نیە چونکە نامانەوی لایەنێکی تر ئەمجۆرە کەسانە هەلە بقۆزێتەوەو بیانبات بۆ خۆیان بەلام لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەبوو وەکو خزمە دکتۆرەکەم دەلێت هاوکاریکی خۆم کە عەرەبە و خەلکی ئەو خوارەیە لە سالی 1991 لە کوردستان رایکردو چووەوە بۆ ناو حکومەتی بەعس ئەو رۆژە

بینیم ئەمری ئیداری خۆی پی بوو بە 1 ملیۆن دینار عقدیان لە گەڵ کردوە من بروام نەهات تاکو ئەمرەکەم بە چاوی خۆم نەبینی ئەوسا بە برادەرە عەربەکەم ووت دەزانی کورد زۆر بی ئەقلن و زوو شتیان لە بیر دەچیتەوە عەربەکش ووتی ( (لیش کاکە انت هسە تدری مو های الشغلە معروفە من زمان الکردی یبقی کردی لو وصل للمریخ) )